# بەریەککەوتنی ئەفسانەو زانست

ليڤی شتراوس
وەرگێڕانی: ناسر سەلاحی



ليڤی شتراوس

و: ناسر سەلاحی

❖ زۆرێـك لـە خوێنـەرانی بەرهەمـەكانی تـۆ وا بیردەكەنـەوە كـە تـۆ هـەوڵ ئـەدەیت ئێمـە بگەڕێینـەوە بـۆ بیركردنەوەی ئەفسانەیی و لەو بڕوایەدای كە لەم ڕۆژگارەدا زۆر شتی بەنرخمان لە كیس چووە و دەبێت هەوڵ بدەین سەر لە نوێ بە دەستیان بێنینەوە . ئایا ئەم بابەتە بەو مانایە یە كە زانست و بیركردنەوەی مۆدێرن دەبێ جێگا بۆ بیركردنەوەی ئەفسانەیی چۆڵ كەن؟

❖ بنیات گەری چیە؟ چۆن هاتویتە سەر ئەو بڕوایەی كە بیركردنەوەی بونیات گەرایەتی ڕێگاچارەیەكی لۆژیكیە؟

❖ ئایا بۆ هەبوونی مانا ، بوونی دیسیپلین و یاسا پێویستە ؟ ئایا ئەكرێ لە بێ دیسیپلینی وئاژاوەشدا مانا هەبێ ؟لەوەی كە دیسپلین و ڕێكوپێكی لە سەروی ئاژاوەو بێ دیسیپلینیەوە، مەبەستتان چیە؟

ڕێگـەم بـدە بـا قسـەكانم بـە دركانـدنێكی شەخسـی دەست پێ بكەم . من هـەموو مانگێك هـەوەڵ تاكۆتایی گۆڤـاری سـاینتیفیك ئەمەریكێن،دەخوێنمـەوە ، تەنانـەت ئەگەر لە هەموو باسەكانیشی تێنەگەم .زۆریش بە تاسـەوەم كە تائەو جێگایـەی بگونجێت ئاگام لە ڕووداو پێشكەوتنە زانستیەكان بێ.

بـەم شـێوەیە دیـدگای مـن لـە پەیوەنـد بـە زانسـتەوە، زانست ڕەت ناكاتەوە . بەم جۆرە ڕوانگەیـەكی نێگەتیڤانە لەسەر زانست نیە.

دووهەم ، لەو بڕوایەدام گەڵێ شت هـەبوون كە ئەمڕۆكە لە دەستمان داون و پێ دەچێت لـە بیری ئـەوەدابین سـەر لـە نوێ بە دەستیان بێنینـەوە. چونكە لە دنیایەكدا كە ژیان بەسەر دەبەین و بەم جۆرە بیركردنەوە زانستیەكە ناچارین .پێـڕەوی لێبكـەین ، دڵنیـا نـین بتـوانین سـەر لـە نـوێ ئـەوان بەدەسـت بێنینـەوە ، وەك بڵێـی هـەرگیز لـە دەسـتمان نـەداون .بـەڵام دەتـوانین پـەی بـە بـوون و بـە بایەخی ئەوان بەرین .

سێهەم ، واهەست دەكەم هەرگیز زانستی نوێ لە شتە لەدەست چووەكان دوور نەكەوتۆتەوە ، بەڵكو هەموو ڕۆژێك زیـاتر هـەوڵ ئـەدا ئـەو شـتانە لـە چوار چێوەی دەربڕینـی زانسـتی داكۆكی بكاتـەوە .كە درزو جیاوازی ڕاستەقینەی نێـوان زانسـت و ئـەوەی كـە ڕەنگـە نـاوی بیركردنـەوەی ئەفسـانەیی لێبنـێین ، لـە ڕاسـتیدا لـە سـەدەی حەڤـدەو هـەژدەوە دەسـتی پێكـرد ، ئـەو كاتـە كـە بـۆ بیكـۆن ، دیكارت ، نیوتن و زانایانی دیكە پێویستی دەكرد تا لــە بەرامبــەر بیركردنــەوەی كــۆنی ئەفســانەیی و عیرفانیدا، بیرو هـزری خۆیـان بسـەلمێنن.وا دەزانـرا كە تەنیا بە ڕوو وەرگێـڕان لـە جیهـانی هەست پێكراوەكـان واتـە دنیایەكـە كـە دەبینـین، بـۆن دەكـەین ، دەچـێژین و ، تێدەگـەین ، زانسـت دەتوانێـت بوونی هـەبێ.دنیـای هەسـت پێكراوەكان وەك دنیایەكی نامۆ دێتە پێش چاو، لە كاتێكدا كـە دنیــای ڕاســتە قینــە ، دنیــای تایبەتمەندیــەكانی ماتماتیكیـەكان بـوو، كـە تـەنیا بـە بیر كردنـەوە وەرگێـڕاو، تـەواو بـە هەسـتە درۆینـەكان نـامۆ بـوو . پـێ دەچـێ ئـەم بزوتنەوەیــە پێویســتیەك بــووبێ، چــونكە تاقیكردنــەوە دەریخست كە بیركردنەوەی زاستی بە هـۆی جیایـەكی لـەم چەشنە یان واباشترە بڵێین دوو بەرەكی و نـاكۆكی توانی خـۆی بسـەلمێنێ ئێسـتا ،من لـەو بڕوایـەدام – هەڵبـەت نـەك وەك زانایـەك ،مـن فیزیـازان ، زینـەوەرناس ،یـا كیمیازانیش نیم– زانستی نوێ لە هەوڵی ئەوەدایە بەسەر كەلێنێكی لەوچەشنەدا سەركەوێ و لە جاران زیاتر پێدراوە هەستیەكان كەوەك پێویستی گەلێكی زانستی كە جێگـای پەسەندن و ڕاستیان هەیە ، باسكرێن و كۆبكرێنەوە

*.بـۆ وێنـە، دنیـای بۆنـەكان لـە بەرچـاو بگـرن .هـەموومان لـەو بڕوایـەدابووین كـە ئـەم دنیایـە بـە تـەواوەتی زەینـی یـە و لـەودیو دنیـای زانسـتەوەیە .

ئەمڕۆکە، کیمیا زانەکان دەتوانن ئەوە بسەلمێنن کە هەموو بۆن یا تامێك پێکهاتەیەکی تایبەت بە خۆی هەیەو دەتوانین بە شێوەیەکی زەینی لەوە تێبگەین کە بۆچی هەندێك لە بۆنەکان یان تامەکان پێکەوە هاوبەشن ( پێك دەچن) وە هەندێکی تریان جیاوازیەکی زۆریان لەگەڵ هەیە، ئیزن بدەن با نموونەیەکی دیکە باس بکەین .لەسەردەمی یۆنانییەکانەوە تا سەدەی هەژدەو تەنانەت نۆزدەش- ڕەنگە تا ڕادەیەکی زۆریش ئێستاش – لە بواری فەلسەفەدا ، سەبارەت بە بنەمای چەمکە بیرکاریەکان وەك هێڵ ، بازنە ، سێگۆشە باسێکی بەربڵاو لە ئارادابووە .

بە گشتی دوو ڕوانگەی زۆر کلاسیك لەئارادا بوو: ئەم دوو ڕوانگانە"وەك پەردەیەکی ساف دەیڕوانیە زەین کەلە سەرەتادا هیچ شتێکی تیا نەبوو لە ڕێگای ئەزموونەوە هەموو شتێك دەچووە ناو. بۆ نموونە مرۆڤ بەبینینی ژمارەیەکی زۆر لە شتە درەکان , کە هیچیان تەواو خڕ نەبوون توانی بازنە (دائیرە) دروست بکات.

دووهەمین تیۆری کلاسیکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەفلاتون کە ئیدعا دەکا چەمگەلی بازنە و سێگۆشەوهێڵ بە شێوەیەکی تەواوی لە زەینی مرۆڤدا دانرابوو, لە بەر ئەوەی لە سەرەتاوە لە هزری مرۆڤدا هەبووە, مرۆڤ دەتوانێ خۆی شکڵ گەلێکی لەو چەشنە بخوڵقێنێ,گەرچی واقعیەت هەرگیز بازنەیەك یان سێگۆشەیەکی تەواو کامڵ ناخاتە بەردەستی مرۆڤ .

ئەمڕۆ,لێکۆڵیارانی زانستی فیزیۆلۆژی لەپێوەند بە چاوەوە فێرمان دەکەن کەخانە عەسەبیەکان لەتۆڕی چاو ودام و دەزگاکانی دیکەی پشتی چاوەوەخانەگەلێکی تایبەتین.

هەندێك لەم خانانەلەبەرامبەر ڕێگا ڕاستەکان ,هەندێکیان لە بەرامبەر خەتی عەموودی, بڕێکیان لەبەرامبەر خەتی ئەستوونی,ژمارەیەکیان لەبەرامبەر



دیکارت

خەتی خوارو خێچ و,ژمارەیەکیان لەبەرامبەر پێوەندی نێوان وێنەگەلی ڕووبەرو چەقو... هتددا پەرچە کردار پیشان دەدەن.

هەڵبەت من ئەم بابەتەم زۆر بە سادەیی باس کرد,چونکە ڕوونکردنەوەی دیاردەیەکی لەو چەشنە بەزبانی ئینگلیزی بۆم زۆر ئەستەمە .پێم وابێ ڕێگاچارەی کێشەی گشتی ئەزموون لە بەرامبەر زەبردا لە پێکهاتەیسیستمی عەسەبیدا بێت نەك لەپێکهاتەی زەبر یان ئەزمووندا.بەواتایەك,لە شوێنێکدا لەنێوان زەین و ئەزموونداییە ,واتە لە ڕێگایەکەوە کەسیستمی عەسەبی مرۆڤ دروست دەبێت بەشێوەیەك بەهۆی زەبروو ئەزمونەوە کاردەکا .

لە قوڵایی هزری مندا پێ دەچێ شتێك هەبێ کەدەبێتە هۆی ئەوەی بڕوا بەوە بکەم کە هەمیشە ئەوشتە بووم و کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن بنیادگەری .دایکم پێی گوتم کەکاتێك دوو ساڵان بووم و هەڵبەت ئەوکاتە نەمدەتوانی بخوێنمەوە,ئیدعای ئەوەم دەکردکە دەتوانم بخوێنمەوە.کاتێك داوای بەڵگەیان لێ دەکردم دەمگووت, کاتێك سەیری تابلۆ دوورەکان دەکەم .بۆ

وێنە دووکانی نانەوایی و قەسابی دەتوانم تابلۆی دوورەکانیان بخوێنمەوە.چونکە ئەوشتەی لە ڕوانگەی نووسینەبە ئاشکرا پێك دەچوو لەنووسیندا نەدەکرا جیا لە(bou) یەکەم لافاو یان هیجائێکی وەك boulanger وboucher واتایەکی دیکەی هەبێت. پێ دەچێت ئاسۆو ڕوانگەی بنیادگەری جیالە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی شتە نەگۆڕەکان یان پێکهاتەی (توخم) گەلی نەگۆڕلەناو جیاوازیە ڕواڵەتیەکاندا،شتێ دیکە نەبێ.

لە تەواوی ژیانمدا ، ئەم هەوڵدان و بە دوا دا چوونە گرنگ ترین حەزی من بوو .لە منالّیدا ماوەیەك حەزم لە زەوی ناسی دەکرد.لە زەوی ناسیدا مەسەلە ئەوەبوو کە هەوڵم ئەدا لە ناو هەمەچەشنییە سەرسوڕهێنەرەکانی ئاسۆکاندا ،درك بە تووخمە نەگۆڕەکان بکەم ، تا بتوانم ئاسۆیەك کەم بکەمەوە بۆ ژمارەیەك لە توێژە بەر تەسك و شیاوی لێکۆڵینەوەی زەوی ناسی .دواتر لە سەردەمی تازەلاوی دا زۆربەی کاتەبەتاڵەکانم بۆ نەخشەکێشی جل و بەرگ و دیمەنی ئۆپێرا تەرخان دەکرد .لەم بوارەشدا مەسەلەکە ڕێك هەر ئەوە بوو، تێکۆشان بۆ دەربڕینی زبانێکی تاقانە، واتە زبانێك کە دەربڕی هونەرە گرافیکی و شێوە کاریەکان بێ ، ئەم شتەی کە لە مۆسیقاو شیعرەکان و ئۆپێراشدا هەبوو ، هەوڵدان بۆ بەیان کردنی تایبەتمەندیە نەگۆڕەکان لە کۆمەڵێك هێمای ئاڵۆزدا (هێمای مۆسیقا، هێمای ئەدەبی، هێمای هونەری) و دۆزینەوەی خاڵی هاوبەشی لە سەرجەم ئەوانەدا .ڕەنگە گرفتی وەرگێران بوبێ، وەرگێران لە زبانێکەوە– یان لە هێمایەکەوە بۆ هێمایەکی تر –بۆ زبانێکی تر .

بنیاتگەری یان هەرشتێك کە لە ژێر ئەم ناوەدا باسی دەکرێت ، وەك دیاردەیەکی بە تەواوی نوێ و تازە لە کاتی خۆیدا بە شۆڕشێك دانراوە ، کە پێم وایە ئەم لێك دانەوەیە لە دوولایەنەوە ناتەواوە .

یەکەم، بنیات گەرایی لە بواری زانستە مرۆڤایەتیەکاندا، بە هیچ شێوەیەك بابەتێکی تازە نییە، دەتوانین لە ڕێنسانسەوە تا سەدەی نۆزدەو تەنانەت ئەمڕۆش بە ئاسانی لەم بزوتنەوە فیکریە بکۆڵینەوە .بەڵام ئەم بابەتە بە هۆی هۆکارێکی دیکەشەوە ناتەواوە : لە بواری زبان ناسی یان زانستی جەماوەر ناسیدا ، باسێك لە بنیاتگەری یان شتێك بەم ناوەوە نی یە مەگەر چاولێکەریەکی زۆر و ڕوکەشانەو کاڵ نەبێ کە پێم وابێ ئێوە لە زبانێکی ئینگلیزی دا پێی دەڵێن( زانستە قورسەکان) و هەمیشەش هەروابووە.

زانست تەنیا دوو ڕێگای پێشکەوتنی هەیە : یان بچووکگەرا یان بنیاتگەرا, کاتێك زانست بچووك گەرایە کە بواری ئەوا هەبێ دیاردەیەکی زۆر ئاڵۆز لە ئاستی دا ، کەم و سادە بکرێتەوە بۆ دیاردەیەکی سادەتر لە ئاستگەلێکی تردا .بۆ وێنەیە، گەلێ مەسەلە لە ژیاندا هەن کە دەتوانێ بچووك بکرێنەوە بۆ پرۆسە گەلێك لە پەیوەندی بەتایبەتمەندییەکانی فیزیایی – کیمیایە تەنەکان ، کە بەشێکی ئەو شتە شەرح دەکا نەك تەواوی ئەو شتە. کاتێك ئێمە ڕووبەری دیاردەیەکی زۆر ئاڵۆز دەبینینەوە، کە ناتوانین ئەو بچووك کەینەوە بۆ دیاردەیەك بە سیستمێکی چکۆلەترو سادەتر، لەو حاڵەتەدا تەنیا بۆ بینینی پێوەندیەکانیان دەتوانین توێژینەوەی لەسەر بکەین .بەو مانایەی کە هەوڵ ئەدەین بزانین لە چ جۆرە سیستمێك دروست بووە .ئەم مەسەلەیە، ڕاست ئەو شتەیە کە ئێمە هەوڵمانداوە .لە زبان ناسی، جەماوە ناسی ، بوار گەلێکی جۆراوجۆری دیکەدا بدەین.

ڕوخسەت بدەن بۆ ڕوون بوونەوەی ئەم بابەتە بچینە گیان سروشت .سروشت تەنیا پرۆسە گەلێکی سنووورداری بەدەستەوەیەو ئەم جۆرە پرۆسانەی کە سروشت لە ئاستێکی ڕاستەقینەدا کەڵکیان لێ وەردەگرێ لە ئاستگەلی جیاواز دا سەر لە نوێ سەرهەڵدەنەوە بۆماوەزانی نموونەیەکی زۆر باشە.ئەڵێن کاتێ کە زیندەوەر

ناسەکان و پسپۆڕانی بواری زانستی بۆماوەزانی لە دەربڕین و شیکردنەوەی ئەو شتەی دۆزیویانەتەوە تووشی گرفتێك دەبن، بۆ دەربڕینی مەبەستەکەیان ناچارن کەڵك لەزبان ناسی ، واتە وشەکان ، دەستەواژەکان، زاراوەو، هێماکانی نووسین، وەردەگرن.هەڵبەت مەبەست ئەوەنی یە کە ئەم دوو زانستە پێك دەچن, بەلاّم لە دووئاستی جیاوازی ڕاستی دا کێشەیەکی پێك چوو دروست بووە.

بۆیە لەوبڕوایەدانیم کە دەبیٚ کەلتوور ، بەو شێوەی کە لە بواری جەماوەر ناسیدا کەڵکی لیٚ وەردەگرین، بچووکی کەینەوە بۆ سروشت .بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا لەم ڕووانگەی یاساییەوە ئەوەی کە لە ڕووبەڕووی کەلتوردا دەبینین ، دیاردەیەکی لەیەك چووە . لانی کەم دەتوانین ئەو مەسەلەی کە لە ڕووبەڕووی سروشتدا بینیومانە ، کە پێوەند بە زەین(هزرە)یشەوە وە دووی کەوین ئەگەری بابەتە کەلتووریەکان زۆر ئاڵۆزترن و گۆڕاوی زۆرتری دەویٚ.

نامەویٚ فەلسەفیانە تیۆرێك داڕێژم.ئەو مەسەلانەی کە دەکرێت بە نالۆژێکی ناویان بەرین، هەر لە منالّیەوە منیان نیگەران دەکردو بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بووم کە لەو دیووبیٚ دیسپلین و شێواویەوە، ڕێساو نەزمێك بدۆزمەوە .من بە ڕێکەوت بووم بە جەماوەر ناسی ، هەڵبەت نەك بە ڕاستی حەزم بە زانستی جەماوەر ناسی کردبیٚ ، بەڵکە لەبەر ئەوەی کە دەمویست لە فەلسەفە دوور بکەمەوە.لە چوارچێوەی ئەکادیمیای فەرەنساشدا هەر بەم جۆرە بوو، واتە لە زانکۆکاندا ، جەماوەر ناسی وەك بەشێکی خوێندنی سەربەخۆ نەدەگوترایەوەو هەموو کەس دەیتوانی بۆئەوەی لە زانستی جەماوەر ناسی دوور کەوێتەوە، خۆی بە خوێندنی فەلسەفەوە خەریك بکات.بەم شێوەیە من لەویٚ دوورکەوتمەوە, بەلاّم هەر زوو تووشی کێشەیەکی هاوشێوەی ئەوە بووم .یاساگەلێکی زۆر بۆ زەواج لە هەموو دنیادا بوونی هەبوو کەوا دەهاتە پێش چاو کە بەتەواوی بێمانایەو ئەم یاسایانە تەواو دەست پیٚ گیربوو, چونکە ئەگەر تەواوی ئەم یاسایانە بیٚ مانا بوون، کەواتە دەبیٚ یاسا گەلێکی تایبەت بۆ خەڵکی هەبیٚ.لە کاتێکدا کە ژمارەی ئەم یاسایانە کەم و زۆر سنور داربوون . بەم پیٚ یە ، ئەگەر مەسەلەیەك بیٚ ماناو بیٚ بناغە چەند جاران دەرکەویٚ، کەواتە ناکریٚ بە تەواوی پووچ و بیٚ بناغەی بیٚ،چونکیٚ لەم حالّەتەدا نابیٚ سەر لەنویٚ دەرکەوێتەوە.

هەوڵدان لە پێناوی دۆزینەوەی ڕێسایەك لە پشت ئەم یاسایە ڕوالّەت بیٚ ماناو بیٚ بناغانە یەکەمین کارکردو ئاسۆیی من بوو کاتێك دوای توێژینەوە لەسەر سستمی خزمایەتی و یاسای زەواج، هەڵبەت بە تۆزێك شانس و بەختەوە نەك ئامانج دار،ڕووم کردە ئەفسانە ناسین تووشی کێشەیەکی تەواو هاوشێوەی ئەوە هاتم .چیرۆکە ئەفسانەییەکان مانایان نەبوو ، وەیان وا دەهاتە پێش چاو. لەگەڵ ئەوەشدا وەك بڵێی لە تەواوی دنیادا و بەردەوام دەردەکەون. لە کاتێکدا کە داهێنان و دەرکەوتنی بەرهەمێکی(خەیالّی)لە شوێنێکدا لە حالّەتێکدا بەرهەمێکی تایبەتیە کە نەکریٚ لە شوێنێکی تەواو جیاوازدا بەرهەمێکی هاوشێوەی ئەم بەرهەمە ببینریٚ. کێشەی من هەوڵدان بوو لە پێناو دۆزینەوەی ئەم مەسەلەیەدا کە ئایا لەم شتە بە ڕووالّەت بیٚ بناغەیەدا جۆرێك لە دیسپلین بوونی هەیە ، ئیدعای ئەوەش ناکەم کە بەئەنجام گەلێکی بەرچاو گەیشتبێتم . بەبڕوای من ناکریٚ بە بیٚ بوونی بنامایەك کە لەپشتییەوە بیر لەمانا بکرێتەوە .

لە واتا ناسیدا مەسەلەی زۆر سەیر ئەوەیە کە وشە ﴿ واتا، (مانا)﴾ ڕێکەوتن لەهەموزبانەکاندا ، وشەیەکە دۆزینەوەی ماناکەی زۆر دژوارە . واتای (مانادار‌بوون) چییە؟ بەبڕوای من تەنیا وەلاّمێك کە دەتوانین بیدەینەوە ئەوەیە کە ( مانا داربوون) واتە توانای هەر جۆرە پێدراوێك واتایەو کە وەرگێڕدرێتە سەر زبانە جیاوازەکان . مەبەسم زبانێکی جیاوازی وەك فەڕەنسی و ئەڵمانی نی یە، بەڵکو مەبەسم وشەگەلی جیاوازە لە ئاستە جیاوازەکاندا .بە گشتی، ئەم وەرگێڕانە ئەو شتەیە کە لە قاموسێك چاوەڕووانی دەکەن ، واتە مانای وشەیەك بە وشەی جۆراو جۆر ، کە لە ئاستێکی تۆزێك جیاوازدا ، لە وشەیان دەستەواژەیەك دەچیٚ کە دەتانەویٚ لێی تێبگەن .ئێستا، وەرگێڕانی بەبیٚ یاسا و ڕێسا بە چ شێوەیەك دەبیٚ؟ بە تەواوی لێی تێناگەی ، چونکیٚ ناتوانن هیچ ووشەیەك بخەنە شوێنی

و: ناسر سەلاحی



نیوتن

وشەیەکی تر یان هیچ ڕستەیەك بخەنە شوێنی ڕستەیەکی تر ، لە ڕاستیدا دەبێ بۆ وەرگێڕان یاسایەك هەبێ. قسەکردن لەسەر یاساکان و مانا ، قسەکردنەلە سەر بابەتێکی هاوشێوەو ئەگەر چاوێك لە تەواوی دەستکەوتە ئەقلانیەکانی مرۆڤ ، تا ئەوجێییەی کە لە هەموو دنیادا تۆمارکراوە ، بیکەین ، لایەنی هاوبەشی هەموویان ،هەمیشە جۆرێك لە دیسپلین دەبێ .ئەگەر ئەم مەسەلەیە دەربڕی ئەوەبێ کە ( هزری مرۆڤ پێویستیەکی حەتمی لە دیسپلین و بنەما هەیەو لەوەوەیە کە هزری مرۆڤ تەنیا بەشێکە لە دنیا ، بێ ئەم لاو ئەولا ئەم پێویستیە هەیەو، دنیا بێ یاساوبەبێ ڕێساو بنەما نییە .

ئەوەی تا ئێستا هەوڵداوە بیڵێم بوونی جۆرە دووریەکە ، دووریەك –دووریەکی پێویست– لە نێوان بیرکردنەوەی زانستی و ئەوەی من پێی دەڵێم لۆژیکی .

دیاردە ڕوونەکان ,واتە ڕێزدانان بۆ پێدراوەکانی هەست و کەڵك لێ وەرگرتنیان لەبەرامبەر خەیاڵ ,شتی دیکەی لەم چەشنە .ئێمەشاهیدی سەردەمێکین کە بە ئیحتیمالی زۆر ئەم مەودایە نامێنێ یان گۆڕانی بە سەردا دێ, چونکە وادێتە پێش چاو کە زانستی نوێ دەتوانێ نەك تەنیا بەشێوازی سونەتی (ئاسایی) خۆیدا بچێتە پێش وگەشە بکات ,بەڵکو لە هەمان کاتدا لە گەشەکردنی ئەم شێوازو ڕەفتارەدا لەگەڵ بیرکردنەوەی سونەتدا هەوڵ بدات ئەمڕۆ چاو بە زۆرێك لەم کێشانەدا بخشێنرێتەوە کە لەوەو پێش سەرنجیان لێ نەدەدرا (ئاوڕێکیان لێنەدەدرایەوە).

لەم ڕوانگەیەو,ڕەنگە بکەومە بەر ڕەخنە کە پێم بڵێن کەسێکی (دژە زانست) یان کەسێکە کەبڕوایەکی وشك و دۆگمای بە نیسبەت زانست هەیە,کەسێك کە لەو بڕوایەدایە زانست دەتوانێ هەموو کێشەو مەسەلەکان بە تەواوی چارە بکات . هەڵبەت هەرگیز من بڕوایەکی لەو چەشنەم نیە ,چونکە ناتوانم وا بیربکەمەوە کە ڕۆژێك زانست بە سەرکەوتن کەماڵ (بێ کەم و کوڕی) بگا . هەمیشە کێشەی نوێ لە ئارادا ئەبێ و ڕاست وبەوخێراییەی کە زانست کێشەکان چارەسەر دەکات – هەربەو جۆرەی کە سالانێك یادە سەدەیەك پێشتر وا بیردەکرایەوە کە بیرکردنەوەی فەلسەفی چارەسەری بکا– هەربەم جۆرەش کێشە گەلی نوێش دەردەکەون ,هەتا ئێستا لە گۆڕێدا نەبوون .بەردەوام لە نێوان ئەوە وەڵامەی کە زانست دەتوانی بە ئێمەی بداتەوەو ئەو پرسیارە نوێیانەی کە ئەم وەڵامە دەیوروژێنێت کەلێنێك بوونی دەبێ. بەم جۆرە لەم ڕوانگەیەوە من کەسێکی ( زانست لێدراو) نیم .هەرگیز زانست تەواوی وەڵامەکانم پێناداتەوە. تەنیا کارێك کە دەتوانین بیکەین ئەوەیە کە چەندایەتی و چۆنایەتی وەڵامەکانمان لەسەرخۆ بەرینە سەرەوەو لەم پەیوەندیەدا وا بیردەکەینەوە کە ، تەنیا بە یارمەتی زانستەکە بە ئامانجێکی لەم چەشنە دەگەین.

**سەرچاوە :**

برخورد اسطوره و علم ،لیوی شتراوس،مجموعه گفتوگۆی تمدنها، انتشارات فرزان،تهران۱۳۸۰.